# حوکمی بەجێهێنانی حەج و عومرە بە تەقسیط

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم أداء الحج والعمرة بالتقسيط ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی بەجێهێنانی حەج و عومرە بە تەقسیط

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

برایەك پرسیاری كردوە ودەپرسێت : ئایا حوكمی بەجێهێنانی حەج و عومرە چیە بە تەقسیط ؟

وەڵام : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وسەڵات وسەلام بۆ سەر محمد المصطفى وئال وبەیت و یارو یاوەرانی هەتا هەتایە .

سەرەتا دەبێت بزانین حەج و عومرە لەسەر كەسێك واجبە كە توانای بەدەنی و توانای داراییان هەبێت، وخوای گەورەیش فەرموویەتی : ﴿وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً ﴾ [ آل عمران : 97 ] واتە : حەج واجبكراوە لەسەر ئەو خەڵكانەی كە توانایان هەیە، بۆیە ئەگەر كەسێك توانای نەبوو ئەوا حەج و عومرەی لەسەر واجب نابێت، جا كەسێكیش حەج وعومرە بە تەقسیط بكات مانای وایە توانای دارایی نییە و دەیەوێت بە

قەرز ئەنجامی بدات، لەبەر ئەوە ئەگەر کەسێك قەرزار بێت ئەوا حەجی لەسەر واجب نییە و ئەگەر توانایشی هەبوو ئەو کاتە دەبێت قەرزەکەی بداتەوە و هەق و مافی خەڵکی بەسەر خۆیەوە نەهێڵێت چ جای ئێستا بڕوات قەرز بکات بۆ ئەنجام دانی حەج وعومرە، ئەمەش بەبەڵگەی ئەم ڕێوایەتە : عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رجلاً قال: يا رسول الله، عليّ حجة الإسلام وعليّ دَّيْن؟ فقال: « اقض دينك » [ رواه أبو يعلى في مسنده ] واتە: کەسێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا ( صلی اللە علیە وسلم ) و لێ پرسی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا من حەجی فەرزی ئیسلامم لەسەرە لەکاتێکدا قەرزاریشم؟ لەوەڵامیدا فەرمووی : قەرزەکەت بدەرەوە.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم جەنابت ڕۆشتیت حەج و عومرەت بە تەقسیط ئەنجامدا، مانای ئەوە نییە کە حەج و عومرەکەت دروست نییە، نەخێر دروستە چونکە (استطاعة) و قودرەت و توانا مەرجی واجب بوونیەتی نەك مەرجی ( صحة ) دروست

بوونـی، بـەڵام ئـامۆژگـاری جـەنـابـت ئـەكـەین كـە خـۆت تـووشـی قـەرزاری مـەكـە بـۆ شـتـێـك كـە خـوای گـەورە لـەسـەری واجـب و فـەرز نـەكـردوویـت، چـونـكـە ئـیـمـكـانـی ئـەوە هـەیـە كـە ئـەو كـەسـە ئـەم قـەرزە دەكـات بـۆ بـەجـێـهـێـنـانـی ئـەو حـەج وعـومـرەیـە بـمـرێـت وپـاشـان كـەسـێـكـیـیـش نـەبـێـت ئـەو قـەرزەی بـداتـوە و بـەمـەش لـەبـری ئـەوەی پـاداشـت وەربـگـرێـت خـۆی گـونـاهـبـار كـرد، چـونـكـە فـەرمـوودەیـەك لـەم بـارەیـەوە هـاتـووە : أنه أتى برجل ليصلي عليه فقالوا: هل عليه دين؟ قال: نعم. قال: صلوا على صاحبكم. فقال أبو قتادة: هما عليّ يا رسول الله ـ أي الديناران اللذان هما دين هذا الرجل عليّ أنا أقوم بالسداد ـ فصلى عليه النبي قال أبو قتادة: فلم يزل يلقني في طرق المدينة ـ أي النبي ـ ويقول: هل أديتهما؟ هل قضيتهما؟ فيقول: لا بعد. حتى لقيني ذات يوم فقال: هل أديتهما؟ قلت: نعم. فقال: الآن بردت جلدته» [رواه الـبـخـاري فـي كـتـاب الـحـوالـة ]

واتـە : جـەنـازەی پـیـاوێـكـیـان هـێـنـا بـۆڵای پـێـغـەمـبـەر (صلـى اللـه عليـه وسلـم) بـۆ ئـەوەی نـوێـژی لـەسـەر بـكـات، پـێـغـەمـبـەر (صلـى اللـه عليـه وسلـم) پـرسـی : ئـایـا قـەرزی كـەسـی بـەسـەرەوەیـە؟

ووتیان : بەڵێ، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئێوە نوێژ لەسەر هاوەڵەکەتان بکە، ئەبو قەتادە ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە لەسەر من بێت – واتە ئەو دوو دینارە من دەیدەمەوە بۆی – ئەمجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نوێژی لەسەر کرد، ئەبوو قەتادە ئەڵێت : پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) بەردەوام لەسەر ڕێگاکانی مەدینە کە ئەگەیشت پێم لێی ئەپرسیم ئایا دوو دیناری قەرزەکەت دایەوە، منیش ئەمووت : هێشتا نەمداوەتەوە، تا ڕۆژێك گەیشت پێم و لێی پرسیم : ئایا دوو دیناری قەرزەکەت دایەوە؟ منیش ووتم بەڵێ، ئەمجا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئێستا لاشە وپێستی ئەو سارد بوویەوە، - واتە تا ئەو کاتەی قەرزەکەی بۆ دایەوە لەگۆڕدا سززا دراوە .

جا بۆیە مرۆڤی موسڵمان واباشە هەرگیز خۆی تووشی قەرزاری نەکات بۆ شتێك کە پێویست نییە لەسەری ..

خوای گەورە زانا وشارەزاترە..